ئاگرین

# شریخەی وشە کوێستانییەکان

بۆ: جەلال مەلەکشاو

«زرەی زنجیری وشەدیلەکان»[1]ی

«کۆتری سپی/ نامەی ئاشتی/ وڵاتێکی زامداری بۆ مێژوو ئەبرد/ ڕاوچی هاتن/ دیوجامەیان بۆ ڕاگرتو/ دەسرێژیان کرد/ لە پڕ زەوی زریکاندی/ ئاسمان لە خەو ڕاچڵەکا/ خوێنی کۆتر/ دڵۆپ/دڵۆپ/ بەسەر هەموو دنیاتکا»[2]

**هات**

**هات**

**هاتەوە**

**با ... دڵۆپێکیش؛**

**هات**

**هات**

**هاتەوە**

**با ... هەگبەیەکیش؛**

**ـ وشەی دیوار بەزێن - ی زنجیر تەزێن ـ**

**هات**

**هات**

**هاتەوە**

**با ... تەنیا فیشکدانێکیش؛**

**وشەی کرنۆش بەری سەربەستیو**

**ڕەت کەرەوەی پەستی**

**ـ خاک، خۆشەویستە**

---

[1] یەکەم بەرهەمی جەلال مەلەکشا

[2] شیعری شەهید ـ ل ٤٦/ زرەی زنجیری وشەدیلەکان

ـ خاک نشینی لەرێ خاک ـ ی تینوودا
گیانبەخت کردووش خۆشەویست.
هات
هات
هاتەوە
وشەی تەژی لە خۆشەویستی نیشتمان
زارۆکی شەهید
بۆ سەر مەزاری بابی برد،
چەند ئایەتێکی خوێندەوە.

«کاتی زانیان/ دڵت پاپۆڕی ئەوینەو/ بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی/ دەریای شەختە وسەهۆڵ ئەبڕی/ هاتن سینگتیان هەڵدڕی!»[1]

کۆتر، سروە، تینوویەتی
بۆ ئاراوگە ـ یان برد،
تا ... سینگی هەڵدراو سارێژبکەن.
کیژۆڵەیەکی پرچ سپی
لە «تایلە»[2]
بۆ کێلی خوێندەوە.

«بووم بە شاعیر/ دەردو ئازارم هەڵبژارد/ لە کارگەی چەوسانا/ شیعرەکانم کردە تفەنگ/ بەڵێنم داوە چەپکی تیشک/ لە خۆربدزم/ بیدەم لە پرچی شەوزەنگ!»[3]

قەڵەم بۆ چەکی خوێندەوە،
چەک وتی:
لەبەرمە من،
بۆ شەقامی کاسی بخوێنەوە ...

---
[1] بەشێک لە شیعری شەهید ل ١٤٦ / زرەی زنجیری وشەدیلەکان
[2] گۆڕستانێکە لە سنە
[3] بەشێک لە شیعری چەپکی تیشک/ ل ٩ / زرەی زنجیری وشەدیلەکان

E_mail
بۆ «ئاسۆ»ی زانکۆی خانی
خوێندەوە،
ئەویش وتی:
ئێستاش خەمباری ئەوم.
ڕۆژیار
بۆ «پرشنگ»[1]ی برد
ئەؤیش وتی:
ئاوێتەی خوێنی دەمارم ـ ەو
با ... بێ وەفایی ـ شی
ئێستاش ئازارم بدات.
با ... بۆ هەولێری برد
تورە بوو لێ!
ئاخۆ کەسێک هەیە
بۆ خوای ببات؟!
ئەمە
شریخەی وشە کوێستانییەکانە،
بۆنی
تێکۆشان بۆ ژین و
مەستی بێ بادەو
خۆشەویستی مرۆڤ ئەدات.

«ئـەی خـوا گـەورەو بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیوو/... /ئاخر مەگەر نازنن من/ ساڵگارێکە گاشە بەردەکەی «سیزیف»م لە کوڵ ناوە؟/ هەتا لووتکە چەندی ماوە؟!»[2]

---

[1] گوڤارێکی ئەدەبی ـ ڕۆشنبیری بوو کە ناوەندی ئەدەبی و ڕووناکبیری خانی دەری ئەکرد، خاوەن ئیمتیازەکەی حسەین یەزدانپناو سەرنوسەرەکەشی جەلال مەلەکشا بوو، ٥ ژمارەی لێ دەرچوو.
[2] بەشێک لە شیعری هەتا لووتکە چەندی ماوە؟/ ل ١٦٢/ زرەی زنجیری وشەدیلەکان

ئەمڕۆ جیهانی بەختەوەر
بە خوێندنەوەی ئەم هاوارە تا زەمانە
هوروژم نابات بۆ «بورس»ی چارشێوی شەرم؟!
ـ ئاخۆ ... ئەمڕۆ
کۆشکە ڕەنگامەکانی عالەم
ـ لە چوارەمین شەقامی سەدەی ٢١ دا ـ
لە ڕوویان دێت
دیسان چاو ببەستن؟!
ـ ئاخۆ ... ئەمڕۆ «لۆزان»
ناتوێتەوە ...
«لەندەن»
نارزێت ...